پژوهشنامه ادبیات کردی
بهار و تابستان ۱۴۰۰
سال ۷، شماره ۱، پیاپی ۱۱

Journal of Kurdish Literature
Spring and Summer 2021
Vol. VII, No. 1, Series 11

# ویژدان پرسێک لە سەرووی پرسە ئاکارییەکانەوە: *مەسەلەی ویژدان*ـی ئەحمەد موختار و شایەتییەکی گەورە

کاوە دەستوورە[1]

نوع مقاله: پژوهشی
تاریخ دریافت: ۲۰ اسفند ۱۳۹۹؛ تاریخ پذیرش: ۲۱ شهریور ۱۴۰۰؛ صص. ۱۵۰-۱۳۳
DOI: https://www.doi.org/10.34785/J013.2021.637

## پوختە

چەمکی ویژدان پێگەیەکی تایبەتی هەبووە لە گەشەسەندنی مێژووی ولاتانی ڕۆژئاوادا. ئەم پێگەیە هەم لە فەرهەنگی گشتی ئەو ولاتانە بەدی دەکرێت، هەمیش جێگاپەنجەی لەسەر یاسا دیارە. ئەم گرنگیە هەر لە یۆنانی کۆنەوە بەردەوامە و هەتا هزری هاوچەرخ ئامادەیە. ویژدان لە فەلسەفەدا لە چەمکە گرنگەکانە، بەڵام لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوایشدا ئامادەیە؛ یاسای مۆدێرن هەر لە سەرەتاوە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی هەبووە لەگەڵ ئەم چەمکەدا. لەم نەریتەدا ویژدان ساتی گەشەکردنی تاک، ساتی لادان لە نۆرمەکان و ساتی داهێنان و تازەگەری بووە. لە فەرهەنگی سەردەمی مۆدێرنی کۆمەڵگا کوردییەکاندا، ئەم چەمکە و چەمکی هاوشێوەی ڕوو لە کزی دەنێن و پێگە کۆنەکەی خۆیان لە ڕووی کۆمەڵایەتی-فەرهەنگییەوە لەدەست دەدەن، بەڵام لە دونیای ڕۆشنبیریشدا جێگای ویژدان هەر فەرامۆشیە. چیرۆکی *مەسەلەی ویژدان*ـی ئەحمەد موختار جاف لەو دەرفەتە گرینگانەیە کە دەکرێت بە پاڵپشتیی نۆرمەکانی «مێژووی هزر» لە چەند ڕووەوە بەهەند وەربگیردرێت. ساتی نووسین و دەرکەوتنی ئەم چیرۆکە و بەرهەمی هاوشێوەی، شایەتییەکی جوانن بۆ ئەو گۆڕانە هزری و فەرهەنگییانەی کۆمەڵگای کوردی بەخۆیەوە دەبینێت. ئەم چیرۆکە بۆ خۆی ئاماژەیە کە چۆن کۆمەڵگا لە ڕووی هزرییەوە گۆڕانکاری بە خۆوە دەبینێت. بەڵام ئەم چیرۆکە بۆ خۆیشی هەڵگری ڕوانینێکی تایبەتە لەسەر چۆنێتی گەشەکردنی ویژدان. ئەحمەد موختار لەم چیرۆکەدا هەوڵ دەدات پیشان بدات کە ویژدان چۆن پێویستی بە بەستێنێکی لەباری کۆمەڵایەتی هەیە و چۆن لە نەمانی ئەم بەستێنەدا چەمکی وەک ویژدان پەراوێز دەکەوێت.

**وشەگەلی سەرەکی:** ڕەوشت؛ ویژدان؛ مێژووی ڕۆژئاوا؛ متمانە؛ ئەحمەد موختار بەگی جاف.

## چکیده

مفهوم وجدان جایگاه ویژای در توسعه‌ی تاریخ فرهنگ‌های غربی داشته است. این جایگاه هم در فرهنگ عام این جوامع قابل تامل است، هم از روی تأثیراتی که بر مفهوم قانون طبیعی مدرن داشته است، جای بحث و بررسی دارد. اهمیت این مفهوم را میتوان نزد فلاسفه از یونان قدیم مشاهده کرد تا آن مرکزیتی که در مباحث معاصر فکری به خود اختصاص داده است. وجدان در فلسفه‌ی غربی از مباحث مهم شمرده می‌شود، ولی جایگاه مهمی هم در ادبیات دارد؛ در قانون مدرن هم از آغاز پیدایشش تاکنون از مفاهیم کلیدی به حساب آمده است. در این سنت، وجدان لحظه‌ی توسعه‌ی فردیت، لحظه‌ی سرپیچی از نرم و لحظه‌ی ابداع و نوآفرینی بوده است. در فرهنگ معاصر جوامع کوردی، این مفهوم و مفاهیم متشابه آن رو به ضعف می‌نهند و آن جایگاه سنتی خود را از نظر فرهنگی و اجتماعی از دست می‌دهند. ولی این فراموشی در دنیای روشنفکری کوردی هم به چشم میخورد. داستان *درباره‌ی مساله‌ی وجدان* احمد مختار جاف از آن فرصت‌های گرانبهایی است که با در نظرگرفتن معیارهای «تاریخ افکار» می‌تواند از چند منظر برای ما قابل تأمل باشد. سال‌های تألیف و عرضه‌ی این کتاب و آثار مشابه آن شاهدی گرانبها است درباره‌ی آن تغیرات فکری-فرهنگی که جامعه‌ی کردی به‌خود دیده است. این داستان برای خود شاهد این گسست فکری است. ولیکن، این داستان گویای بینشی متفاوت از چگونگی مفهوم وجدان است. احمد مختار در این اثر سعی تمام بر این دارد نشان دهد که وجدان چگونه به زمینه‌ی اجتماعی مناسب برای نشو و نما نیاز دارد، و چطور در نبود چنین زمینه‌ای وجدان ممکن است به دست فراموشی سپرده شود.

**واژگان کلیدی:** اخلاق؛ وجدان؛ تاریخ غرب؛ اعتماد؛ احمد مختار بگ جاف.

۱. پرۆفیسۆری یاریدەدەر، بەشی فەلسەفە و توێژینەوە کولتووریەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، عێراق
kaveh.husain@univsul.edu.iq

## ١ـ پێشەکی

سەرەڕای بەرز و نزمییەکانی، چەمکی ویژدان گرنگییەکی سەرنجڕاکێشی لە مێژووی ڕۆژئاوادا هەیە. لە یۆنانی کۆنەوە ئەم گرنگییە دەست پێدەکات، دەڕواتە ناو شارستانییەتی ڕۆم، و دواتر بە دەستکاریی لاهووتناسانەوە خۆی لە دونیای مەسیحییەتدا دەبینێتەوە. لەژێر کاریگەریی دونیای مەسیحییەت، ئەم چەمکە دێتە دونیای ئیسلامەوە و لای زانایانی ئیسلامیش گرنگیەکی باش پەیدا دەکات[1]. بە سەرهەڵدانی ڕێنێسانس و دواتر ڕۆشنگەری و دواتر لە ئەندێشەی فەیلەسووفانی مۆدێرن، گەڕانەوەیەک بۆ ئەم چەمکە دروست دەبێت. لە دونیای هاوچەرخیشدا ئەم بەردەوامییە هەر هەیە. ڕۆڵێک کە بەگشتی ئەم چەمکە هەیبووە لە ڕۆژئاوادا، لە دوو ڕووەوە جێگای سەرنجە. لە لایەکەوە ڕۆڵی «ویژدان» لە دروستکردنی فەرهەنگی «خود» جێگای سەرنجە، بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە ئەو ڕۆڵەی ئەم چەمکە لە دروستکردنی تێگەی یاسای سروشتیدا هەیبووە هەر جێگای تێڕامانە. لەم سۆنگەوە، پەرتووکی *مەسئەلەی ویژدان*ی ئەحمەد موختار جاف بۆ ئێمە گرنگییەکی لەڕادەبەدەری هەیە. ئەم چیرۆکە لە ڕاستیدا یەکەمین و ئاخرین هەوڵێکە لە دونیای ڕۆشنبیری کوردیدا لەسەر پرسی ویژدان بەدی دەکرێت و پێ‌دەچێت دوای ئەم بەرهەمە تاکوو ئێستایش ڕۆشنبیری و سیاسەتی کوردی بە تەواوی ئەم جۆرە تێگەیشتنە لە خانەی فەرامۆشیدا بهێڵێتەوە. ئیتر وا پێ‌دەچێت دوای ئەحمەد موختار کەس تەنانەت خەمی ئەم بابەتەی «بە ڕژدی» نەمێنێت.

چیرۆکی *مەسئەلەی ویژدان* بۆ ئیمە سێ گرنگیی هەیە. یەکەمیان، خودی ئەم چیرۆکە وەڵامێکە بۆ ئەو پرسیارەی کە یەکەم گۆڕانە هزری، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگای کوردیدا لە کەیەوە دەست پێ‌دەکات. لە چ سەردەمێکەوە ڕوانینەکان بە نسبەت چەمکە ڕەوشتییەکانەوە دەگۆڕێت؟ د. ئیحسان فوئاد دەڵێت ئەحمەد موختار جاف ئەم چیرۆکەی لە ساڵی ١٩٢٧ یان ١٩٢٨دا نووسیوە، و بە قەڵەم و دەستخەتی عەلی کەمال باپیر نووسراوەتەوە (جاف، ٢٠٠٨: ٥٦). کەواتە گۆڕانکارییەکان لە پێش ئەم سەردەمەدا دەستیان پێ‌کردووە، تا ئەو ڕادەیە کەسی وەک ئەحمەد موختار یەک لەم گۆڕانە هزرییانە بکاتە هەوێنی ئەم چیرۆکە؛ دەبێت پرسی ویژدان بۆ ماوەیەکی بەرچاو لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە کێشئامێز بووبێتەوە تاکوو کەسی وەک ئەحمەد ئەمە بکاتە بابەتی خەمی ئەدەبی؛ یەک لە گریمانەکانی ئێمە لەسەر ئەوە دەوەستێتەوە کە سەرەتاکانی سەدەی بیست ساتەکانی ئەم وەرچەرخانە فەرهەنگییەن.

ئەم چیرۆکە بۆ جاری دووەم بۆ ئێمە گرنگە، چوونکە خودی چیرۆکەکە بەڵگەیە کە مۆدێرنیتەی کوردی وەک مۆدێرنیتەی زۆرینەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، مۆدێرنیتەیەکی بەتاڵ لە چەمکە ئاکاری[2] و ڕەوشتییەکانە[3]. ئەگەر لە ڕۆژئاوادا چەمکگەلی وەک ویژدان هەم لە فەرهەنگ و هەم لە یاسادا هەبن، ئەوا لای ئێمە ئەو تێگەیشتنە لە مۆدێرنیتە دروست دەبێت، کە ئەگەر لە باشترین حاڵەتدا دوژمنی ئاکار و ڕەوشت نەبین، بەڵام هەر پێمان وایە، هیچ پێویستیمان بەم ڕوانینانە نییە. لەوانەیە پەیامی ئەم بەرهەمەی ئەحمەد موختاریش هەردووان بێت لەسەر ئەم گەندەڵییە دەروونییە. چیرۆکەکە ئاماژەیە کە ئەم جۆرە گەندەڵییە، ڕووی ڕاستەقینەی گەندەڵی و خاڵی دەسپێکی پووکانەوەی مرۆییە.

---

[1] لێرڤیک چەمکی جێناو (ضمیر) لە زمانی عەرەبی نزیک بە چەمکی ویژدان لە هەندێک لە زمانە ئەورووپییەکان دادەنێت، بەڵام پێی وایە کە ئەم دووە دەقاودەق یەک ناگرنەوە. جێناو زیاتر لە ویژدان حاڵەتێکی دەروونیانەی تاکەکەسییە. چەمکی ویژدان (ئەورووپی) جگە لە پەیوەندی کەسێک لەگەڵ خۆی هەڵگری ئەو واتایەشە کە کەسێک لە بەرانبەر کەسێکی دیکە دادەنێت. لە ویژداندا کارلێکی نێوان خود و ئەویتر ئامادەیە، لە کاتێکدا ئەمە بۆ جێناو ناشێت (لێرڤیک، ٢٠٠٦: ٨١).

[2] Moral

[3] Ethics

چیرۆکی *مەسەلەی ویژدان* بۆ ئێمە گرنگییەکی دیکەیشی هەیە. ئێمە پێمان وایە ئەم چیرۆکە هەوێنی ئەوەی تێدایە بەشداری ئەو گفتوگۆ و مشتومڕانە بێت کە لە ناوەندە هزرییەکاندا لەسەر ئەم چەمکە هەیە. دەتوانین سەرەڕای جیاوازییە تیۆرییەکان، بە گشتی دوو ڕەوت بە نسبەت پرسی ویژدان ببینینەوە. ڕەوتێک کە بە گشتی ویژدان وەک سروشتی مرۆیی دەخەملێنێت. ئێمە پێمان وایە چیرۆکی *مەسەلەی ویژدان* پێچەوانەی ئەم ڕوانینەیە. ڕەوتی دووەم، ویژدان وەک دروستکراوێکی مرۆیی وێنا دەکات؛ چیرۆکەکەی ئەحمەد موختار بەرهەمێکە بۆ پاڵپشتی ئەم جۆرە ڕوانینە. بۆ خوێندنەوەی ئەم چیرۆکە، ئەم توێژینەوەیە پاڵپشتی لەو ڕوانگە تیۆرییەوە وەردەگرێت کە پێی وایە هەر چەمکێکی ئاکاری و ڕەوشتی بەهاکەی لەو گەشەسەندنە مێژووییەوە پەیدا دەکات کە بینیویەتی. هەر چەمکێک بە حوکمی ئەو ئامادەبیە مێژووییەی کە هەیەتی، دەتوانێت کاریگەریی هەبێت لەسەر کردەی مرۆڤەکان. بێ گومان، ڕادەی کاریگەریی هەر چەمکێک بە ڕادەی ئامادەبوونە مێژووییەکەی بەستراوەتەوە. بۆیە بۆ پرسی وەک ویژدان، بەر لەوەی خەیاڵمان بە لای سروشتی بوون، دەروونی بوون، یان هاوزادەیی بوونی ویژدان لە لای مرۆڤدا بڕوات، سەرنجمان بەلای ئەوەدا دەچێت کە ئەم جۆرە چەمکە لە باری مێژووییەوە چ گەشەیەکی کردووە و چۆن ڕابردووی خۆی بە ئێستاوە گرێ داوە. ئامانج پیشاندانی ئەو ڕوانینەیە کە ویژدان داهێنانێکی مرۆییە. ویژدان بەر لەوەی سروشتی مرۆڤ بێت، دەرخەری دۆخێکی مرۆییە کە لە ڕێگایەوە مرۆڤ خۆی گرێ دەدات بە چین و کۆمەڵگا مرۆییەکانەوە. ویژدان کردەیەکە کەسێک فێری دەبێت، لە پەیڕەوکردنیدا چاو لە کەسی دیکە دەکات، و بە تێپەڕبوونی کات، دەگۆڕدرێت، کامڵ دەکرێت، و لەلایەن خودی هەمان کەسەوە ڕێک دەخرێتەوە، و بە پێی ڕاڤەکان بە جیاوازی لە سەر دۆخەکان پەیڕەو دەکرێت. ویژدان ئەو دۆخە نەگۆڕە چەسپاوە نییە کە لە هەموو دۆخێکی کۆمەڵایەتیدا لە بوونی دڵنیا ببینەوە. سەرهەڵدان، گەشەسەندن و بەردەوامبوونی ویژدان بەر لەوەی پەیوەندیی بە حاڵەتە تاکەکەسییەکانی تاکێکەوە بێت، گرێدراوی ئەو بەستێنە لەبارە کۆمەڵایەتییەیە کە هەردەم وەک هاندەر بۆی ئامادەیە. لە نەبوونی ئەم دۆخە لەبارانەشدا بێ گومان پێگەکەی لاواز دەبێت و لەوانەیە بە مەبەستی دیکە بەکار بێت.

لێرە، باس لە گرنگیی پرسی یەکەم بۆ کاتێکی دیکە دادەنێین، چوونکە پێویستی بە ئاوڕدانەوەیەکی جیاواز هەیە. بەڵام لە ڕێگای خوێندنەوەیەکی خێرای ئەم چیرۆکەی ئەحمەد موختارەوە هەوڵ دەدەین ئاوڕێکی خێرا لە دوو پرسی دوایی بدەینەوە. واتە لێرەدا وەک یەکەم کار، هەوڵ دەدین ئەو وێنە بخەینە ڕوو لە ویژدان کە ئەحمەد موختار وێنای کردووە. دواتر، وەک کاری دووەم، گرنگی ئەم چەمکە لە شارستانییەتی ڕۆژئاوادا پیشان دەدرێت و لەم ڕێگاوە هەم گرنگیی پەرتوکەکەی ئەحمەد موختار دەخرێتە ڕوو و هەمیش پیشان دەدرێت کە ڕۆشنبیری سەدەی بیست و ئێستای کورد چ خەسارێکی لە پشتگوێخستنی چەمکی لەم جۆرەدا بینیوە. بەڵام، پێش گەیشتن بەو ئامانجانە، ڕوونکردنەوەیەکی خێرای مێتۆدۆلۆژیش پێویستە. جێگای ئاماژەیە کە ئەم نووسینە بەپێی ستانداردەکانی مێژووی ئایدیاکان[4] ڕێکخراوەتەوە، و بە هیچ شێوەیەک خولیای هەڵسەنگاندنی ئەدەبی لە ئارادا نەبووە. یانی لە لایەک، لەو گۆشە نیگاوە سەیری بابەتەکە دەکرێت کە ئەم چیرۆکە بۆ خۆی چۆن بەڵگەیەکی مێژووییە بۆ پیشاندانی گۆڕانێکی هزری قووڵ؛ لە لایەکی دیکەوە شایەتییە هزرییەکان جێگای سەرنجی ئێمەیە، تا فۆرم و شێوازە ئەدەبییەکان.

بۆ ڕوونکردنەوەی پڕاوپڕی بابەتەکان، سەرەتا هێڵە گشتییەکانی ڕوانگە جیاوازە تیۆرییەکان لە ژێر ناوی «سروشت»، و «دروستکراوی کۆمەڵایەتی» دەخرێنە ڕوو. دواتر بە کەڵکوەرگرتن لە هێمانەکانی چیرۆکەکە، چۆنێتیی بەشداریی ئەم چیرۆکەی ئەحمەد موختار لە ناو ئەم گفتوگۆ تیۆرییانە دەخرێتە ڕوو. دواتر هەوڵ دەدرێت بە ئاماژە بەو گرنگییانەی چەمکی ویژدان لە مێژووی ڕۆژئاوادا هەیبووە، بۆشایی ئەم چەمکە لە گەشەسەندنی هزر و فەرهەنگی کۆمەڵگای کوردیدا پیشان بدرێت.

---

[4] The history of ideas

## ٢. ویژدان وەک سروشت

لە باشترین شێوەیدا، ویژدان نەتەنها بیروباوەڕەکان بێگەرد دەکاتەوە، بەڵکوو دەیانکات بە کردە و هەڵوێستنوێنی. ویژدان لە دوو ئاستی گرنگدا چالاکە: هاندانی تاک بۆ ناسینەوەی بیروڕاکانی خۆی لەبارەی کرداری دروست[5]، و هەروەها پەیڕەوکردنی ئەم بیروڕایانە لە دۆخە حەقیقییەکاندا. ئەم وەسفە کردارییە لە ویژدان بەو شێوەیەی تۆماس ئەکویناس[6] پێناسەی کردووە، بۆ سەدەی ١٣ دەگەڕێتەوە (سترۆم، ٢٠١١: ٩١). ئەکویناس لەنێوان دوو چەمکی سەندریسایس[7] و ویژداندا جیاوازی دادەنێت. سەندریسایس ئەو توانستە ناوەکییەیە، ئەو عادەتە سروشتییەیە کە بێ دەستتێوەردانی عەقڵ وەک پرەنسیپێکی نەگۆڕ دەمێنێتەوە. بەڵام ویژدان زۆرتر، زانین و بینینەوەیە؛ ئەمە زۆرتر بریتییە لە پەیڕەوکردن، و ئەگەر بە ڕوونتر بڵێین، پەیڕەوکردنی داناییەکانە بەسەر حاڵەتێکی تایبەتدا. وەک هێزی هاندەر، ویژدان بەکارهێنانە لە کاتی کردە و بژاردە تایبەتە تاکەکەسییەکاندا: ویژدان یانی شاهێدیدان، کوێربوون، هاندان، تاوانبارکردن، ئازاردان و سەرکۆنەکردن (هەمان: ٩٢). ئێستا لە هزری هاوچەرخدا سەندریسایس کەمتر جێگای سەرنجی توێژەرانە، بەڵام وێنای ئەکویناس بۆ ویژدان وەک پرەنسیپی پەیڕەوکردنی ئەم داناییانە لە دۆخە حەقیقییەکاندا هەر جێگای بایەخ پێدانە. بۆ ئەکویناس، ویژدان پەیوەندە بە کردە ئەنجام دراوەکانەوە؛ ویژدان ئەو هێزە نووستوەیە لە کاتی پێویستدا دەبێت خەملاندنی بژاردە و کردارەکان بکات. لەبەر ئەمەیە ویژدان لە ناوەندی بژاردە ڕەوشتییەکاندایە. بۆیە ویژدان هەمووکات پردی ڕەخنەییانەی نێوان کردە[8] و باوەڕە[9] (هەمان). بیرمەندی وەک شافتسبێری لە سەدەی ١٨ بڕوای بە سروشتیبوونی ویژدان بووە، و پێیان وابووە کە بەرپرسیارێتی لە گرەوەی ئەم سۆزە دەروونییەدایە. ئەم بۆچوونە لەو تێگەیشتنەوە دێت کە سۆزە سروشتیەکان بە پاڵپشتیی توانستی خۆهەڵسەنگاندن دەتوانن ببنە بناغەی کرداری مرۆیی (هەمان: ٤١-٤٣). کەسانی وەک جۆزێف باتلێریش ئەم توانستە مرۆییە وەک خەڵاتێکی خودایی سەیر دەکەن کە بۆ ڕێکخستنی ژیان بە مرۆڤ بەخشراوە (هەمان، ٤٤). بەڵام ئەو بۆچوونانەی هەوڵ دەدەن چەمکی وەک ویژدان بە سۆزێکی دەروونی سروشتیانەوە گرێ بدەن، هەر زۆر زوو لە سەدەی هەژدەدا جێ دەهێڵدرێن. چوونکە شێوازی بەڵگەداری کەسانی وەک شافتسبێری و جان لاک ڕووبەڕووی ئەو گرفتە دەبێتەوە کە عەقڵ بە تەنها کافی نییە بۆ ئەوە پێگەیەکی ئاکاری بچەسپێت[10]. سەرەڕای ئەمانە، هۆڵتمەن (٢٠١٢: ١٠) دەیان ناوی دیار لە توێژینەوەی ئاکار و ڕەوشت دەژمێرێت کە لە سەدەی نۆزدە و بیست بە سروشتیبوونی ویژدان باوەڕیان هەیە، وەک: ڕودین (١٩٧٣)؛ کۆران (١٩٧٣)، ڕەیرسۆن (١٨٧١) و هتد.

ئەگەر ئەم ڕەوتە سروشتبینییە جەخت لەسەر هزر، سۆز و بژاردەی ڕەوشتی دەکاتەوە لە ناساندنی ویژداندا، دەبێت وەڵامدەری ئەم پرسە بێت کە ئەگەر بڕیاری ویژدانی لە دەروونی[11] تاکێکدا ڕوو دەدات، چۆن ئەم بڕیارە تاکەکەسییانە دەتوانن دوور بن لە ئەگەری بەهەڵەچووندا. لەڕاستیدا عەقڵ و تەنانەت عەقڵی پەیڕەوکارانەیش[12] هەر وەک بەڵگەی مەیدانی کافی نین بۆ ئەم جۆرە بڕیارانە. بەتایبەت ئەوکات کە عەقڵ وەک هەڵسەنگێنەرێکی تاکەکەسییانەی دۆخە جۆراوجۆرەکان بە تەنها دەردەکەوێت، ڕێژەی هەڵە و خراپبینینەکان زیاتر دەبن. بۆ پێشگیری لەم جۆرە دۆخانەیە کە لاکردنەوەیەک لە نۆرم و

---

[5] Right conduct
[6] Thomas Aquinas
[7] Synderesis
[8] Action
[9] Conviction
[10] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم ڕوانگە بڕوانە: سترۆم، ٢٠١١، ل. ٤١-٤٣. کەسانی وەک جۆزێف باتلێریش ئەم توانستە مرۆییە وەک خەڵاتێکی خودایی سەیر دەکەن کە بۆ ڕێکخستنی ژیانی پێی بەخشراوە؛ بڕوانە هەمان سەرچاوە، ل. ٤٤.

[11] Mind
[12] Applied

پەیمانە کۆمەڵایەتییەکان جێگرەوەیەکی باش بۆ تیۆریی رەفتاری ئاکاری[13] دەرەخسێنێت، و ڕێگا بۆ دەرکەوتنی تێگەیشتنی «ناسروشتییانە» خۆش دەکات.

## ۳. دروستکرانی کۆمەڵگا

ئاوڕدانەوە لە نۆرم و پەیمانەکان، بیرۆکەی کانتە لە *مێتافیزیای ئاکارەکان*دا[14]. لەم ڕوانگەیەوە، ویژدان «دادگەیەکی ناوەکیی مرۆڤە» و بە زمانێک لەگەڵیدا دەدوێت کە تەنانەت گەندەڵەکانیش ناتوانن نەیبیستن. بەڵام گرفتی ئەم دەنگە و ئەم دادگا دەروونییە لەوەدایە کەسێک ناتوانێت بێلایەنانە خۆی دادوەری بکات؛ بێ هەبوونی ناکۆکی لەگەڵ قازانج، بێ هەبوونی زەختی لێکۆڵەر، ڕاوێژکار، پارێزەر و دادوەری کۆتایی. لەم سۆنگەیەوە دەبێت خاڵێک وەک دەرەوەی کەسێک دیاری بکرێت کە لە دەرەوەی بژاردەی تاکەکەسیدایە، لەو شوێنەی کە بتوانرێت ئەو بژاردە هەڵبسەنگێندرێت. پێشنیاری کانت برێتییە لەوەی کە دەبێت ئەمە لەگەڵ خودی ئەو کەسەدا ببڕێتەوە، و دەرئەنجامی ئەو بڕیارە بە جۆرێک هەڵبسەنگێنرێت کە لەگەڵ کەسێکی دیکەدا بە ئەنجامی گەیاندووە. بەڵام ئەم کەسە ئیدەئالە دەبێت بەجۆرێک ئەرکەکان بەسەریدا بسەپێنێت کە وەک ئەوە وا بێت خۆی بەسەریدا سەپاندوویەتی. لەبەر ئەمەیە ئەم بوونەوەرە ئاکارییە پڕدەسەڵاتە ناوی خودایە، و ویژدان دەبێت وەک پرەنسیپی زەینی گرێدراو بە خوداوە سەیر بکرێت بە دیار هەموو کردەکانەوە. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم مەرجانە، کانت جەخت دەکاتەوە کە ئەم پرەنسیپە هەر دروستکراوی ئێمەی مرۆڤە. ئەم مەرجانە تەنها بۆ سەرکەوتنی ڕادەی ئەم پرەنسیپەیە. ویژدان ڕێگایەکە لەوێوە ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی و بەها هاوبەشکراوە کۆمەڵایەتییەکان، دەڕۆنە ناو ڕووباری هەڵسەنگاندنی بژاردە و کردەی تاکەکەسییەوە (سترۆم، ۲۰۱۱: ۴۵).

ئەگەر سەیری ڕەخنەی مۆنتاین و هابز لە ویژدان بکەین، زیاتر ئەم نەریتەمان لە ڕۆژئاوادا بۆ ڕوون دەبێتەوە. مۆنتاین پێی وایە ویژدان دەنگدانەوەی دابونەریتی وڵاتێکە. هابز پێداگری دەکات کە ویژدان تەنها ڕاوبۆچوونێکی توندوتۆڵە. ئۆجاکانگاس (۲۰۱۳: ۲۱۲) پێی وایە لای ئەم دووە، ناوەڕۆکی ویژدان لە هەموو شتێک زیاتر لەژێر سەرنجدایە. دابونەریت و ڕاوبۆچوونەکان بگۆڕێن و بە شێوەیەکی بێسنوور جۆراوجۆرن. بۆیە هیچ شتێکی گەردوونی بە ناو باشە لە ناوەڕۆکی ویژداندا نییە. فیچتە ئەمەی قەبووڵە، بەڵام پێی وایە لە پرسی ویژداندا شێوە (فۆرم)ی ئەزموونی ویژدان گرنگە، بۆیە ئەمە تاقانە ڕەچەڵەکی ڕاستی ئاکارییە. ئەم شێوەیە لای فیچتە برێتییە لە ئەزموونی ناچاری، ئەرک ڕاپەڕاندن، بەرپرسیارێتی و ئەوەی بە گشتی ناوی ئەزموونی نۆرماتیڤیتەیە. بۆیە ئۆجاکانگاس پێی وایە لە فەرمیترین و گەردوونیترین ئاستەکاندا، ئەزموونی ویژدانی ڕۆژئاوایی جگە لە «دەبێت» هیچی دیکە نییە؛ ئەزموونیبوون دەبێت ئاوەها بێت، یان ئەنجامی کردەیەک لە ژێر گوشاری نۆرماتیڤیتەیەکدا (هەمان).

بەدرێژایی سەدەی نۆزدە و بیست، ئایدیای ویژدان جگە لە مەدح و پیاهەڵدان، ئامانجی گومان و خراپبینینی هەندێ لە پسپۆڕانی زانستە مرۆییەکانیش بووە. ئەم جۆرە ڕوانینە لەلای فەیلەسوفانی وەک شۆپێنهاوێریش هەر باو بوو. بەڵام لای شۆپێنهاوێر، ئەو ڕەخنەیە زۆرتر ئەو جۆرە بینینەی دەگرتەوە لە ویژدان کە لەژێر ڕێسا و ڕێنماییەکانی ئایینکارانی مەسیحیدا بوو. دەنا وەکوو کانت، باوەڕی بە ناوەندی بوونی ویژدان لە پرسە ئاکارییەکاندا بوو، بەس بەو جیاوازییەی کە پێی وابوو ویژدان نابێت لەژێر ڕکێفی «دراما یاساییەکاندا» بێت. بەپێچەوانەی کانت، شۆپێنهاوێر پێی وابوو ڕەوشت گرێدراوی یاسا، ئەرک و فەرمان نییە؛ ڕەوشت گرێدراوی سۆزە[15] و تەنها سەرچاوەی باوەڕپێکراوە بۆ هەڵسەنگاندنی ئاکاری (هەمان: ۱۸۷).

---

[13] Moral conduct
[14] Metaphysics of Morals
[15] Compassion (*Mitleid*)

بەڵام تێگەیشتنی ئادام سمیت لە چەمکی ویژدان بەتەواوی دەرواتە خانەی کۆمەڵگاوە. جا هەرچەند بوونی خودا لەم وێنەیەدا زۆر پێویست نەبێت، لە هەمان کاتیشدا ئەم تێگەیشتنە ناڕواتە خانەی ڕەددانەوەی ڕۆڵی خودا. کردەی خۆهەڵسەنگێنەرانەی تێڕامانیانە تەنها لەسەر دەروونی کەس ناوەستێتەوە؛ بە نسبەت ئەم بابەتەوە، ناتوانرێت بە تەنها پشت بە تاکەوە ببەسترێت، بەڵام خودا یان عەقڵی دەروونیش لە ئارادا نییە، ئەوە «کۆمەڵگا»یە کە ڕۆڵی گرنگ دەبینێت. جێگە و بوونی کەسێک لە کۆمەڵگایەکدا ڕەخسێنەری نۆرمی هەڵسەنگاندنە. هەر کەسێک ببەیتە کۆمەڵگایەکەوە، خێرا ئاوێنەی ئەو کۆمەڵگایەی بەدەستەوە دەدەیت کە دەتوانێت خۆیی تێدا ببینێتەوە. لای سمیت، تێگەیشتن لە بێلایەنی لە خودی دووەمەوە دێت، لە بەستێنی بازنەیەکی کۆمەڵایەتیی بەرفراواندا. ئەم بەستێنە ئاماژەیە بۆ ڕوانگەیەک لە «پیاوی مرۆڤویستی ئەورووپی» کە خاوەن وەڵامە یەکدەست و نۆرماتیڤەکانە (ستروم، ٢٠١١: ٤٨). بەڵام گرفت لەم بیرۆکەیە، بوونی ئەم چەشنە مرۆڤەیە کە دەکرێت بە گومانێکی جیدیەوە سەیر بکرێت. سەرەڕای ئەمە، هەر ساتێک ویژدانی دەکەوێتە بەر دادوەری هزرە پێشوەختەکانی کۆمەڵگاوە.

ئەگەر ڕەخنە توندەکانی سپینۆزا و هێلڤیتوس[16] جێ‌پەنجەیەکی ئەوتۆیان لەسەر خوێنەری مۆدێرن نەبووە، بەڵام کەم کەس هەن توانیبێتیان ڕەخنەکانی نیتچە پشتگوێ بخەن. «عەزاب ویژدان (ویژدانی خراپ)[17]» نیشانەی «نەخۆشییەکی قووڵە»؛ لە کوشندەترین نەخۆشییەکان کە تاکوو ئێستا بە مرۆڤ گەیشتووە (نیتچە، ١٩٩٦: ٢.٢٢، ل. ٧٣). لای نیتچە، ویژدان هاندەری کردەی خودتاوانبارییە[18]، و بۆ خۆی بەشێکە لە گرفت، تاکوو ئەوەی بۆ مرۆڤ بەشێک لە چارەسەر بێت. ویژدان بۆ نیچە وەک کردەیەکی خودسزاییە[19] کە وەک نەخۆشییەکی جیدی ڕێگرە لە بەردەم هەر گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی، کە مرۆڤ دەتوانێت ئەزموونی بکات. ویژدان داهێنانی مرۆڤی سەردەمی مۆدێرنە بۆ خۆکۆنترۆڵکردن و کورتکردنەوەی ئاسۆکان (ستروم، ٢٠١١: ٦٤). لە شوێنێکی دیکەیش هەر ویژدانی باش[20] جێگای گاڵتەئامێزی و ڕەخنەیە (نیتچە، ١٩٩٧: ٢١٤، ل. ٨٧). بەڵام ئێستا دەزانین کە ئەفسانە-ڕەچەڵەکی نیچەیی بە جیدی لەژێر گوماندایە، چوونکە ئەم جۆرە بینینە بەر لەوەی داهێنانێکی مۆدێرن بێت، جۆرێک لە ڕوانینە کە بۆ سەردەمی یۆنان و دواتر ڕۆمیش دەگەڕێتەوە. ئەم جۆرە لە مێژووی چەمک کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر هەموو تیۆریی نیتچە نییە، بەڵام ئەوەش ڕوونە کە ئەم چەمکە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە. ئەم زمانە گاڵتەئامێزە بەرانبەر بە ویژدان تەنها تایبەتە بە هەندێ پەرتووکی وەک *ڕەچەڵەکناسی*. بەڵام لە شوێنی دیکە، ئەم نەخۆشینە بە جۆرێکی دیکە دەکەوێتە بەر باس. لە پەرتووکی دیکەی وەک *دژەمەسیح*، ئەم زمانە دەگۆڕدرێت، و ئەو ئیمکانە بۆ ویژدان دادەنێت کە دەکرێت چاوێکی وەها بوونی هەبێت کە بە جێگای خۆسزادان، مرۆڤ بەرەو خۆبونیادنان، عەقڵانیەت، و ڕۆشنگەریی زانستییانەی بەهاکان هان بدات. نیتچە دواتر لەمە زیاتر دەڕواتە پێشەوە و ڕادەگەیەنێت کە ویژدان ئامرازێکی نایابە بۆ داماڵینی دووڕوویییە ئایینیەکان (ستروم، ٢٠١١: ٧٢). لێرە ئیتر ویژدان پارێزەری تۆکمەیی کەسایەتی و ڕەسەنبوونی کردەکانە. ویژدان هیچ نییە جگە لەو باڵادەستییە کە کەسێک دەگەیەنێتە بەرپرسیارێتی: دانایی سەربەرزیی بەختەوەریی بەرپرسیارێتی، هۆشیاریی ئازادیی بێوێنە، ئەو دەسەڵاتەی کەسێک بەسەر خۆی و چارەنووسیدا هەیەتی، ئەو غەریزە باڵادەستە... ئەوەی مرۆڤی سەروەر ناوی ویژدانی لێ دەنێت... (نیتچە، ١٩٩٦: ٢.٢، ل. ٤١). بەم شێوەیە سەروەریی تاک بەرهەمی ئەم ڕووناکییەی ویژدانە.

---

[16] Helvetius
[17] Bad conscience
[18] Self-accusation
[19] Self-punishment
[20] Good conscience

لە فەلسەفەی سەدەی بیستی کیشوەریدا بە گشتی دوو ڕەوت بەدی دەکرێت بەنسبەت ویژدانەوە. لە ڕەوتی هایدگێریدا، دەنگی ویژدان وەک ئەزموونی بونیادنەری ڕەوشتیبوون چاو لێدەکرێت. لە لایەکی دیکەوە، لە درێژەی ڕەوتی نیتچەی «یەکەم» و فرۆیددا، ویژدان وەک سەرووخودێکی[21] فەرهەنگی چاو لێدەکرێت و بە چەمکگەلی وەک «دەسەڵات»، «ئایدیۆلۆژی»، و «تەکووزیی هێماییین» شی دەکرێتەوە. کەسانی وەک لێڤیناس و دێریدا لە ڕەوتی یەکەم پێداگرن لەسەر ڕەوشتی «ئەویدیبوون»[22] (ئۆجاکانگاس، ۲۰۱۳: ۱۹۵).

لە فەلسەفەی هایدگێردا، بانگەوازی ویژدان هەر لە بنەڕەتەوە بەتاڵە، و پێش ئەوەی گرێدراوی هەر ناوەڕۆکێکی ڕەوشتی بێت، پەیوەستە بە خۆجیاکردنەوەی خود لە فرەیی. هایدگێر جیاوازییەک دادەنێت لەنێوان ویژدانی بوونناسانە[23] و ئەزموونی[24]. ویژدانی ئەزموونی ئەو دەنگەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ کەسێک، ئەو کاتەی شتێکی خراپی ئەنجام داوە یان هۆشداریی پێ دەدات کە خەریکە خراپ دەجووڵێتەوە. ئەم جۆرە ویژدانە زۆر سەرنجی هایدگێر ڕاناکێشێت. ئەزموونی ئەزموونگەرایانەی ویژدان دەرهاویشتەیەکی ویژدانی بوونناسانەیە. بەڵام ئەم ویژدانەی ئاخر ڕێک پێچەوانەی ئەو شتەیە کە فرۆید وێنای دەکات. لای فرۆید، ویژدان دەنگی باوکە، و لە ئاستێکی گەورەتردا دەنگی ئۆتۆریتە و نۆرمە ئاکارییەکانی کۆمەڵگایە. بەڵام ویژدانی بوونناسانە بۆ هایدگێر، ئەو ساتەیە کەسێک یان دازاین خۆی لەم گوشار و نۆرمانە ڕزگار دەکات. لە ڕاستیدا دەنگی ویژدان، دازاین لە هەموو دونیای دەوروبەر ڕزگار دەکات. (هەمان: ۱۷)

لێڤیناس پێی وایە پەیامی بنەمایی ڕەوشتیبوونی خۆنەویستبوون، ڕوانینی ئەویدی و خزمەتکارییە. ناڕەوشتیبوونیش بریتییە لە خود، خودویستی، قازانجویستی و بەرژەوەندخوازی. لای لێڤیناس، لە لایەک دژایەتییەک هەیە لە نێوان ڕەوشت و سیاسەتدا، لە لایەکی دیکەیش دژایەتییەک هەیە لە نێوان «یاسای دڵ» و «یاسای ئەژنۆ» [هێز]. ڕەوشتیبوونی سووژە لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوە ناگرێت کە بۆ ئەویدی هەیەتی. ڕەوشتیبوون لە ئەویدیبوونی[25] ئەویدییەوە دێت. ئەم ئەویدیبوونە ناچارییەکی بەرپرسانە پێشکەش بە «من» دەکات و دەکەوێتە پێش سەربەخۆیی و ئازادیم، بەو مانایە کە من پێش ئەوەی ئازاد بم، بەرپرس بم. من هەمووکات بەرپرسم لەبەرانبەر هەمووکەس و هەموو شتێک، بەڵام بەرانبەر بەرپرسیارێتیی ئەویدی، و تەنانەت ئەوەی ئازاریشم دەدات: ئەو وشەی لێرە مەبەستمە، وەڵامدەر بوونە لە بەرانبەر هەمووکەس و هەموو شت (لێڤیناس، ۱۹۹۸: ١٤٤). ئەم وەڵامدانەوەیە، ئەم بەرپرسیارێتییە ڕەها و بێسنوورەیە کە من لە بەرانبەر ئەویدی وەک کەس و وەک سووژەی ڕەوشتی دروست دەکات. بۆ بوون لەم ئاستەدا، لای لێڤیناس پێویست بە هیچ ناکات جگە لە تێپەڕاندنی خودپەرستی؛ چوونکە من لە پێشینەوە بەم شێوەیە سووژەم. ئەویدی لە شێوازی ویژدانی ئاکاری لە هۆشیاریمدایە و بێ ئەمە، ئەویدییەک ناتوانێت خۆی وەک ئەویدی بۆ لای من بهێنێتە پێشەوە. بۆیە ئەوە ویژدانە کە من وا لێدەکات بچم بە پێشوازی ئەویدییەوە (لێڤیناس، ١٩٦٩: ١٠٠).

بۆ هانا ئارێنت، ویژدان کاریگەریی پاڵەکی[26] پرۆسەی بیرکردنەوەیە. بیرکردنەوە بۆ خۆی دووانەیەکی بێدەنگانەیە لەگەڵ خود؛ بەو مانایە ئەم پرۆسە دووانەیە پێویستی بە سووژەیەکی دابەشکراو یان دوو-لە-یەکە. ویژدانیش ئەو جۆرە داناییەیە کە لە هەر پرۆسەیەکی بیرکردنەوەدا خۆی نوێ دەکاتەوە (ئارێنت، ۱۹۷۸: ۵). پرسی ویژدان لەو ڕووەوە بۆ ئارێنت گرینگە کە دەیەوێت بزانێت لە دوای ئەو کارەساتە دڵڕەقانەی شەڕی جیهانیی دووەم، چەمکی لەم جۆرە دەچنە خانەی ئەو دۆخانەوە

---

[21] Superego
[22] Alterity
[23] Ontological
[24] Empirical (‘ontic’)
[25] Otherness
[26] Side-effect

کە بتوانن ڕێگر بن لە دڵڕەقی و کارەساتی لەو چەشنە: دەرکەوتەکانی بای هزر، دانایی (مەعریفە) نییە؛ ئەوانە توانای جوداکردنەوەی ڕاست و چەوت، و جوان و ناشیرین لە یەکدین. لەسەر ئەمەوە و لە کاتە دەگمەنەکاندا، کاتێک ئەم گرەوانە لەسەر مێزن، لەڕاستیدا دەتوانن جڵەوی کارەسات بگرن، لانیکەم بۆ خود (هەمان: ١٩٣). بۆیە لای ئارێنت، ویژدان هزرێکی پاشەکی نەرێنی، یان پێشبینییەکە لەوانەیە لە ئەنجامی کردەی ناباش سەر هەڵبدات. بۆیە ویژدان لە پرەنسیپدا تاک دەگرێتەوە، و هەر ئاراستەی تاکە.

بەگشتی لەم ڕوانینەدا، سەرەڕای ڕا جیاوازەکان، و دوای گەشەسەندنێکی دوو سەدەی هزری ڕەخنەیی، جیهان جۆرێک وێنا کراوە کە دەستکردی کۆمەڵگایە، و بەرهەمی ئاڵوگۆڕێکی مێژوویی نێوان خەڵکانە. هەموو تێگەیشتن و ڕوانینێک نە لەڕێگای «هێزە غەریزییە ئۆتۆماتیکە سروشتییەکانەوە» هاتووە، نە بەرهەمی «توانا خۆڕسکەکانی ژێنێتیکە». هەموو مانایەک بەرهەمی بەشداریی چالاکانەی کەسەکانە لەناو ئەو پەیوەندییانەی سەرمایەی لەسەر دادەنێن (گێرگێن، ١٩٨٥: ٥). تاک هەم کاریگەری وەردەگرێت، هەمیش خۆی دانوسان دەکات. وەک نیلسێن (٢٠١٣: ٢١) دەڵێت، سووژە وەک فووکۆ وێنای دەکات دەبێت ناوی سووژەی دروستکراوی کۆمەڵایەتیی دووجارەکی[27] لێ بنرێت. ئەم جۆرە سووژە بریتییە لەو سووژەی کە جارێک بە شێوەی کۆمەڵایەتی[28] دروست کراوە و جارێک خۆی دروست کردووەتەوە[29] (فوکۆ، ١٩٨٨: ٥١). لە چیرۆکی *مەسئەلەی ویژدان*دا، ئەم دوو ئاستە دەردەکەوێت؛ دواتر دەبینین، کۆمەڵگا پاڵەوان دروست دەکات، بەڵام پاڵەوانیش بۆ خۆی دەست دەداتە داهێنانەوە. لای بێرگێر و لاکمانیش (١٩٩١)، ڕاستیی کۆمەڵایەتی لە پرۆسەیەکی دیالێکتیکیدا دەردەکەوێت کە بریتییە لە سێ قۆناغی دەرەکی‌کردن، بەبابەتی‌کردن و دەروونی‌کردن[30]. دەرەکی‌کردن پرۆسەیەکە لە هزر، بیرۆکە، کردەی تاکەکەسییەوە دەست پێ‌دەکات تاکوو دەگات بە دونیایەکی گشتی و ئەمە ناسینەوەیەک بەدوای خۆیدا دەهێنێت کە تاکەکان دروستکەری جیهانی کۆمەڵایەتیی خۆیانن. بەبابەتی‌کردن، ئەو کاتە ڕوو دەدات کە تاکەکان ئەم هزر، بیرۆکە و کردانە بەڕاستی دەبینن، و کوالیتییەکی سەربەخۆی پێدەبەخشن کە لە بەرهەمی حەقیقیی مرۆڤەکان جودا دەنوێنێت. لەم پرۆسەیەدا، بنەمای کۆمەڵایەتی و تاک وەک بەدیهاتنی ڕۆڵەکان پێک دەگەن و بە بەکارهێنانی زمانی دونیای بەبابەتیکراو ڕووبەڕووی تاک دەبنەوە. بەکەسی‌کردنی دونیای بابەتیکراو پرۆسەی دەروونی‌کردنەوەیە، ئەو کاتەی تاکەکان ڕوانگەی تایبەت بە خۆیان لە جیهان لە ڕێگای پرۆسەی کۆمەڵایەتی‌بوونەوە دادەهێنن (بێرگێر، لاکمان، ١٩٩١: ٤٣-٤٨). بۆیە ڕاستیی کۆمەڵایەتیی تاک دوو جار دروست دەکرێت، جارێک وەک ڕاستییەکی بابەتیکراو و جارێک وەک ڕاستیی کەسیانە[31] (هەمان: ٧)[32].

ئەگەر سەیری چەمکی «متمانە» بکەین کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ چەمکی ویژداندا هەیە، زیاتر کۆمەڵایەتی‌بوونی ئەم چەمکەمان بۆ دەردەکەوێت. متمانە لە دڵی کاری ویژدانیدایە، متمانە هاندەری ویژدانە و دواتر بۆخۆیشی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بەرهەمهێنانی متمانەدا. متمانە لە کارلێکی[33] ڕۆژەڤیانەی خەڵک سەرچاوە دەگرێت و هەر لەو ڕێگایەیشەوە خۆی دەهێڵێتەوە؛ کارلێکێک کە لە هێزە بنەماییە کۆمەڵایەتییەکان پشتیوانی وەردەگرێت (وێبێر و

---

[27] Doubly social constructed subject
[28] Socially constructed
[29] Self-constructed
[30] Externalization, objectivation and internalization
[31] Society as Objective Reality and Society as Subjective Reality
[32] جێگای ئاماژەیە کە لێرە، ئەو قەرزە ڕۆشنبیرییانەی لە بێرگێر و لاکمان کراوە تەنها بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری چەمکیانەی بابەتەکەیە، دەنا نووسەر خۆی لە نەریتی دیاردەناسانەی ویستدا نابینێتەوە، کە ئەم نووسەرانە باوەڕیان پێیەتی.

[33] Interaction

کارتێر، ۲۰۰۳: ۳). بە پەیڕەوکردنی تیۆریی بنەمای کۆمەڵایەتی بێرگێر و لاکمان، وێبێر و کارتێر پێیان وایە متمانە بەرهەمێکی بەبابەتیکراوی پەیوەندیی نێوان دوو تاک یان زۆرترە، و بەو ئامانجەوە دەردەکەوێت کە پەیوەندیی کەسیانە[34] زیاتر مانا پەیدا بکات. هەڵقوڵاو لە کارلێکی نێوان تاکەکانەوە، متمانە بۆ خۆی هەر ئەم پەیوەندییانە دەخاتەوە ژێر کاریگەری. وەک کردەیەکی ماناداری کەسیانە، ئاراستەی متمانە بەرەولای ئەویتری تایبەتە و لەسەر ئەزموونێکی تاقانە دەوەستێتەوە و بە لایەنگری بەهاکان تاموبۆنێکی زەینی وەردەگرێت و پەیوەندییە کەسییەکان مانامەند دەکاتەوە. ئەم ئەزموونە مانامەندانە هێمایەک بۆ خود دروست دەکات و بە خۆشەویستی، هاوڕێتی و هتد؛ ناوزەد دەکرێت ئەوکاتەی خۆی لەژێر چەتری بەڵێنێک بۆ ئەویدی دەردەکەوێت. بەم جۆرە، «گشتی» لە ڕێگای «تایبەت»، «ورد» و «تاقانە»وە ئەزموون دەکرێت. ئەوکاتەی کەسێک متمانە دەکات بە کەسێکی دیکە، کردەکەی هەڵوێستنواندنە بەرانبەر ئەویدی، و بەپێچەوانەشەوە (وێبێر و کارتێر، ۲۰۰۳: ۵).

## ٤- چۆن فێری ویژدان و بێویژدانی دەبین؟

ساتی دەرکەوتنی کەسایەتی و ڕووداوەکان لە چیرۆکەکەی ئەحمەد موختاردا بەو جۆرەیە کە کۆی چیرۆکەکە دەکەوێتە خزمەت سەلماندنی ئەو بیرۆکەوە کە ویژدان بەهرەیەکی سروشتی یان خودایی نییە. لە دەستپێکەوە، بەشێکی باشی چیرۆکەکە پیشاندەری بەویژدانیی پاڵەوانی چیرۆک و بێویژدانیی دەوروبەرەکانیەتی. چیرۆکەکە پیشان دەدات چۆن پاڵەوان دەیەوێت پاک بمێنێتەوە. بەڵام دواتر و دوای بینینی ڕووداوی ناخۆشی زۆر و بەتایبەت دوای شایەتبوونی بێویژدانیی کەسانی پێگەبەرز، ئەویش دەست لەو ڕەوشتەی هەڵدەگرێت و وەک هەموانی لێ دێت.

زۆراب ئەفەندی کوڕێکی گەنجی بێ باوکە، دایکی بە زەحمەت بەخێوی دەکات و دەینێرێتە بەر خوێندن. بەڵام زۆر زوو دایکیشی لەدەست دەدات و بە هەتیوی و لای خزمەکانی بەخێو دەکرێت. ئەو دەمەش لای «بۆرە خزمەکانی» بوو کە لە هەموو کار و ئەرکی ماڵدا بەشدار بووە و «لە شوانی و گاوانی و عەرد کێڵان و دێراو هەڵدانەوە، هەتا شەنوکەو و خەرمان کۆکردنەوە» کاری پێ سپێردراوە (جاف، ۲۰۰۸: ١٦). بوونی چەند کەسایەتی لەم چیرۆکەدا و ڕۆڵ و بۆچوونیان لەسەر ویژدان و کاردانەوەی زۆراب لەسەر هەڵسوکەوتی ئەمان بە جوانی سەلمێنەری کۆمەڵایەتیبوونی ئەم ڕەوشتەیە. لەم چیرۆکەدا چوار کەسایەتی ئامادەیە. سێ کەسایەتی یەکەم، هەمووی خاوەنکاری زۆرابن، هەرسێکیان بێویژدانن، و زۆراب، ژیان و کردە بێویژدانییەکانی ئەوان دەگێڕێتەوە. لای ئەم سێ کەسایەتیە، زۆراب بەویژدانە و ئەمیش هەردەم هەوڵ دەدات دەنگی پاکی ویژدانی ئەوان بێت، و بەردەوام بە بیرهێنانەوەی «مەسئەلەی ویژدان» هەوڵ دەدات ئاغاکانی وەخەبەر بێنێت. لە گێڕانەوەی کەسایەتیی چوارەمدا، ئیتر زۆراب، باسی ژیانی بێویژدانانەی کەسی دیکە ناکات، چوونکە بۆخۆی بووە بە کەسایەتیەک وەک ئەوانەی پێشووی. لێرەوەیە کە زۆراب پیشان دەدات ئەویش وەک ئەو کەسایەتیە گرنگانە و وەک ئەو جەماوەرە جووتیارەی لێ هاتووە و ئیتر ئەو ناتوانێت وەک ئەوان نەبێت.

### ٤-١- کەسایەتیی یەکەم: دووکاندارێکی تاجیر

کۆنە ئاشنایەکی باوکی، زۆراب دەبات بۆ لای «دووکاندارێکی تاجیر». بەڵام زۆراب زوو هەست بەوە دەکات کە خاوەنکارەکەی غەلوغەشێکی زۆر ئەکات، بەتایبەت لەگەڵ ڕەشوڕووتی دەرەوە (ل. ١٦). لە گێڕانەوەی ئەم کەسایەتیەدا، ویژدان تەنانەت لە سەروو شەریعەتەوە دادەنرێت؛ زۆراب بۆ بەشاهێدی گرتنی شەریعەت وەڵامێک لە وەستاکەی دەبیستێت کە پاساوهێنانە بۆ کردە ناڕەواکانی. بەڵام کاتێک زۆراب «ویژدان» بە شایەتی دەگرێت، وەستاکەی هیچی پێ نامینێت و داوای بێدەنگبوونی زۆراب دەکات:

[34] Subjective

- وەستا ئایا بە شەریعەت غەلوغەشکردن لە تیجارەتا حەڵاڵە؟

وەستام کە لەوە دەچوو قەت ئەوەی بە من ڕەوا نەبینیبێ سوئالی وای لێ بکەم، بە نیوە مۆڕی و نیوە تەعەجوویێکەوە سەیری کردم و ئەمجا فەرمووی:

- هەرچی تەسهیلی مەعیشەت بکات بۆ خەڵکی جائیزە، بەو شەرتەی قەتڵ و عەرز و نامووس بردنی تیا نەبێ!

- ئەی مەسئەلەی ویژدان چییە؟

- هەتیو لەمە زیاتر قسە مەکە! (١٦)

## ٤-٢- کەسایەتیی دووەم: پیاوێکی تاجیر

دوای ئەوەی کە لای وەستای یەکەم تەحەمموولی نەما، ئەو جیدەهێڵێت و دەڕوات دەبێت بە بەردەستی پیاوێکی تاجیر، کە ئەویش «بە زاهیر پیاوێکی باش بوو، هیچ وەقتێ نوێژ و ڕۆژووی نەئەفەوتاند و هەمیشە مەشغوولی ویرد خوێندن بوو، ئەمما ئەو گەزە کە کوتاڵی پێ ئەفرۆشت لە گەزی خەڵقی کورتتر بوو و هەر وەقتێ معامەلەی تووتن یا شتێکی تری لەگەڵ فەقیرێک بکردایە، تێ ئەفکریم خەریکە بەتەواوی مەحوی بکاتەوە و کەماڵی بێویژدانی و بێ ئینسافیی ئەکرد» (٢٠). زۆراب کە لە لای تاجیری دووەم بوو، ئەرکی چاودێریی جووتیارەکانی پێ سپێردرابوو. بەڵام ڕۆژێک بۆی دەرکەوت کە ئەم جووتیارانە بۆ خۆیان غەش لە تاجیرە فێڵبازەکە دەکەن. زۆراب دەیەوێت جووتیاری ناپاک لە زەرەرەکانی ئەم کارە تێبگەیەنێت و دەڵێت «ئەمە دوو زەرەری هەیە: ئەوەڵەن گەنمەکە ئەدزن، ئەمە زەرەرێک. دووەم، تۆوەکە کەم ئەکەن و کەمی تیا ئەبێت.

- قوربان جووتیاری هەموو کەس وایە، ئێمەیش وەک خەڵق» (٢١).

دوای ماوەیەک کە خەرمان ئامادە دەبێت، زۆراب دەبینێت کە جووتیارەکان هەمدیسان لە خەرمانەکە دزی ئەکەن، زۆراب پێیان دەڵێت:

- ئەمە داخڵی ویژدان نییە! ئەم ساحیب موڵکە ئینسانیەتی کردووە، ئێوە بۆچی دزیی لێ ئەکەن؟

- برادەر، ئەمە کە بەحسی ئینسانییەت و ویژدانە، لێرە پارە ناکات!

سزای زۆراب: هەر ئەو ڕۆژە سەرکارەکان بە زۆراب دەڵێن کە بۆچی ئەو بەشداری ئەو ڕاووڕوتە نابێت کە جووتیار و سەرکارەکانی گرتووەتەوە، ئەویش دەڵێت: «من خیانەت ناکەم»، بەڵام دوای چەند کاتژمێرێک و بە هاتنی ئاغاکە هەموو شتێک پێچەوانە دەبێتەوە و زۆراب بە دز دەردەکرێت. زۆراب دەیەوێت ڕاستیەکان ئاشکرا بکات، بەڵام بەگزادە زیاتر تۆمەتباری دەکات و پێی دەڵێت: «تۆ درۆ ئەکەیت! من پیاوی خۆم ئەناسم، دزی لە من ناکەن. ئەمانە هەر ئەو پیاوانەن کە تا ئێستا دە کەسیان بە بێ قەباحەت هەر لەبەر ئارەزووی من بۆیان کوشتووم، وە سەد کاروانیان بۆ ڕووت کردوومەوە و ئەم موڵکانە کە هەمە لە سایەی چوار پێنج پیاوی وەکوو ئەمانەوەیە (٢٢). لە کاتی دەورکردنەوەدا، خەرمانەکەی زۆراب زۆرتر باجی لێ سندرا.

لە وەرزی پێش تووتن کڕین، ئاغاکەی لە لایەک بە ڕووی گەش و خۆشەوە لەگەڵ خەڵکی دەدوا، بەڵام لەسەر نرخی تووتن «هەزار سوێند و قورئانی ئەخوارد کە ئەمساڵ تووتن زۆر ڕەزیلە و ئێمە هەموو مەحو بووینەوە، ئەمما بە هەر قیمەتێ کە ئێوە بڵێن من قبوولمە (٢٣). بەڵام لە کاتی کێشاندا، کللاری هەر تووتنێک بە کەمی دەردەچوو، و ئەمە هەم بۆ جوتیار

و هەمیش بۆ زۆراب جێگای سەرسوڕمان بوو. دواتر زۆراب دەزانێت کە ئاغای تاجیری، بزمارێکی داوە لە تۆپی قەپانەکە. غەشەکان لە کاتی حساب‌کردنی پارەیشدا بێبڕانەوەیە، و زۆراب خۆی پێ ناگیرێ و بەمیش دەڵێت:

- قوربان لە خسووسی ویژدانەوە چی ئەفەرموویت؟

- قسەی قۆڕ مەکە! ئەگەر لە ساڵێکا دەستی ئەهالی چوار دێ نەبڕم، چۆن ئیدارە دەکەم؟ (۲۵)

لێرە و لە درێژایی گفتوگۆکە پەیوەندیەکی سەرنجراکێش دەردەکەویت: پەیوەندیی بێ‌ویژدانی و وەرگرتنی زوڵم، یان قەبووڵ‌کردنی ناعەدالەتی. چوونکە کەسایەتیەکان بۆ خۆیان لارن، جووتیارەکان بە هەموو شتێک ڕازی دەبن و ئاغا بە دڵی خۆی زوڵمیان لێ دەکات. زۆراب دەڵێت:

- ئەی بۆ ساڵی ئاینده چی ئەکەیت؟

دەستی کرد بە پێکەنین و وتی:

- ڕۆڵە ئەمانە زۆر کەرن ! ئەمین بە ئەمساڵ زووتر دێنەوە (۲۵).

بەڵام سەیر ئەوەیە کە خودی ئاغاش هەر هەمان چارەنووسی هەیە بە دەست «تەدبیرچیەوە» کە جووتیارەکانی بە دەست ئەمەوە هەیانە. زۆراب دەڵێت: «بێچارە ئاغام، با ووجودی ئەو هەموو زوڵم و زۆرە کە کردبووی کە وەختی تووتن لە تەرەف تەدبیرچی ئەو شارەوە بۆی ئەفرۆشرا، یا قازانجێکی زۆر کەمی ئەکرد وە یا سەروبەر دەرئەچوو، چوونکە ئەو تەدبیرچییە هەرچی ئارەزووی خۆی بوایە، ئەوەندەی بۆ ئاغام پارە ئەناردەوە (۲٦).

### ٤-۳- کەسایەتیی سێیەم: بەڕێوەبەری قەزا

دواتر زۆراب ئەو ناوچەش بەجێ دێڵێت و دەڕواتە «قەزایەکی» خۆش ئاو و هەوا. لەوێ خۆی دەکات بە «عەریزەنووس». بەڵام گرفتی بۆ دروست دەبێت، و لەسەر شتێکی بچووک، تووشی کێشەی گەورە دەبێتەوە. لە کۆتاییدا لە ڕێگای ناسراوێکیەوە کە وەکیلیەتی، کەسێک پەیدا دەکەن بە بڕە پارەیەک کێشەکەی لای بەڕێوەبەری قەزاکە بۆ چاک دەکات. «رەئیس» لە بەرانبەر ئەو بەرتیلەی پێی درابوو کارێکی باشتری بۆ زۆراب کرد و ئەوی کرد بە تاقە عەریزەنووسی ڕێگەپێدراوی شار، و ئەوانەی دیکە قەدەغە کران لەم ئیشە. زۆراب لەسەر ئەم وەرچەرخانە دەڵێت: «منیش هەرچەند قەلبەن موتەئەسیر بووم بۆیان کە نانم بڕین، ئەمما لەبەر ئەوە وەزعی موحیت وای تەقازی ئەکرد کە هەموو شەخس سەعادەتی خۆی لە فەلاکەتی هاوجینس و هاوزمانی خۆیدا ئەبینی، منیش سەرفی نەزەرم کرد لە ویژدان و وتم: بە جەهەنەم ئەمرن لە برسا! بە ئیستلاحی کوردی، بە گونی بارگیرمەوە! با خۆم مەسعوود بم، ئینسان ئەبێ تابعی موحیت بێ» (۳۱).

لێرەوەیە کە زۆراب ئیتر هێدی هێدی ئەو شتانە دەڵێتەوە کە پێشتر لە ئاغا و خاوەنکارەکانی فێربووە، و خۆی وەک ئەوانی لێ‌دێت. لە ڕێگای عەریزەنووسیەوە پارەیەک پەیدا دەکات بەڵام بەوە ڕازی نابێت، و چاو دەبڕێتە شتی گەورەتر. لێرە ڕستەیەکی سەرنجڕاکێشی تێدایە کە بەتەواوی ئەم شێوە دروستبوونە داهێنەرانە دەخاتە ڕوو:

> «... وە بەو مەسلەکەی خۆم ڕازی نەبووم، هەموو وەختێ چاوم لە بەرزبوونەوە بوو بۆ جێگای عالی، هەرچەندە ئەو لیاقەتەم لە خۆمدا نەئەبینی. ئەمما چونکە زۆری وام دیبوو کە بەو هەموو جەهالەتەوە، من لەمان عالمتر بووم وە مەقامی گەورەیان ئیشغال کردبوو، منیش ئەو ماخولیایە کەوتبووە سەرم و نەمئەزانی چی بکەم ... » (۳۱)

زۆراب بۆ ئەوەی ئیشەکەی بڕوات و بە پێگەی گەورەتر بگات، داوا لە ناسراوێکی دەکات یارمەتیی بدات، ئەمیش بە ڕوونی پێی دەڵێت کە زۆراب دەبێت لەمە بەدواوە هەندێ شت قەبووڵ بکات:

وەکو چی؟

- مەزەڕەت بۆ هاوجینسی خۆت، درۆزنی، خیانەت!

- مەعنای ئەمە چییە؟ ...

- ئەمانە لەم موحیتەدا وەک شەهادەتنامەی مەکتەب وایە لە سائیری وڵاتانا! هەتا وا نەبی ئومێدی تەرەقی‌کردن بێ مەعنایە! (٣٢).

زۆراب دوای مەدح و سەنا کردنی بەرپرسان و دیاری ناردن بۆیان، ئەرکی «تەحسیلداری» پێ دەسپێردرێت.

## ٤-٤- کەسایەتیی چوارەم: زۆرابی بێ‌ویژدانی داهێنەر

لەمەودوا کەسایەتی بێ‌ویژدانی چیرۆک خۆیەتی. زۆراب ئیتر ئەوەیە کە هەمان شت لەسەر خەڵک جێبەجێ دەکات کە پێشتر گەورەکانی لەگەڵ خەڵکی دیکە کردوویانە. ئەوە ئیتر خۆیەتی کە دەست دەکات بە خەڵک ڕووتاندنەوە: «واسیتەی تەرەقیی ئەم زەمانە، ناڕاستی و نەخوێندەواری و ساحێب پارەییە، من هەر سیانیانم هەیە، ئیتر بۆچ بەم وەزیفە بچکۆلەیە ڕەزا ببم؟» (٣٧) زۆراب ئەو جۆرە سووژەیە کە جارێک بە شێوەی کۆمەڵایەتی دروست کراوەتەوە و جارێک خۆی لەسەر هەمان نەریت دروست کردووەتەوە، بەڵام بە داهێنانەوە.

دوای ئەوەی کە دەردەکرێت لە پۆستەکەی، زۆراب بڕیار دەدات ببێتە «وەتەنی» و «مەسەلەی میللی بگرێت بە دەستەوە». بەم شێوە تاکوو ماوەیەکی باش خۆی وەک شۆڕشگێڕ پیشان دەدات، لە ڕۆژنامەکان نووسین بڵاو دەکاتەوە، لە ناو بازار گوتاری توند دەدات تاکوو ئەوەی ڕۆژێک بڕیارێک دێت و زۆراب ئەفەندی دەبێتە «ڕەئیسی قەزای خۆرنشین». دوای چەند ڕۆژ دامەزراندن زۆراب هەمان بێ‌ویژدانی کۆنە کە فێری بووە، «خوێنی ئەهالی گرتن و پارە کۆکردنەوە». دواتر دەکەوێتە ئەرز داگیر کردن، حەقی تاپۆخواردن، زیادەڕەوی لە موڵکی خەڵکی دیکە و هتد. شتەکان تا ڕادەیەک دەڕواتە پێش کە جگە لەو موڵکە زۆرانەی کە هەیەتی، دەبێتە خاوەن پارەیەکی دانراوی زۆر. بەڵام خولیای پێشکەوتنی بەمانەوە ناوەستێت؛ زۆراب دەکەوێتە کڕینی هەندێ قاڵیچەی هەورێشم و دەچێتە پایتەخت، و بە بەخشینی ئەم دەستە و دیارییانە ڕێزێکی زۆر پەیدا دەکات لە ناو کاربەدەستانی پایتەختدا. لەپاش چەند ڕۆژ مانەوە لە پایتەخت، بەڵێنی پێ دەدرێت کە ئەرکێکی گرنگتری پێ ببەخشرێت.

مەکینتایر (١٩٨٤: ١٢١) لە پەرتووکی *دوای ڕەوشت*، ئاماژە دەکات کە لە ناو هەموو فەرهەنگر «کلاسیکەکاندا»، لە یۆنانەوە هەتاکوو ڕێنێسانس، هزر و کردەی ئاکاری هەموو کات لە ڕێگای «گێڕانەوەی چیرۆکەوە» هۆنراوەتەوە. چیرۆککگەلی فەرهەنگێک، ئامرازی سەرەکیی سازدانی ئاکاری لە کۆمەڵگاکان بوون. لە ڕێگای ئەم چیرۆکانەوە ڕۆڵ و پێگەکان پێناسە دەکرێن، و ئەو کۆڵەکە و داربەستانەی کە کۆمەڵگا پێکەوە دەنووسێنن، ڕادەگەیەندرێن. چیرۆکی فەرهەنگێک پۆرترەی بەهاکانی فەرهەنگێک دەکات و ئامانجە نەنووسراوەکانی کۆمەڵگایەک ڕادەگەیەنێت (٢١٠). واپێدەچێت ئەحمەد موختار لە ڕێگای ئەم گێڕانەوەیە، دەیەوێت گەورەیی ئەم گۆڕانکاریانەمان پێ بڵێتەوە. هەرچی بێت، نووسەری *مەسئەلەی ویژدان* توانیویەتی گرنگی ئەم پرسەمان پیشان بدات.

## ٥- نەریتێکی بەردەوام و جیاواز

لێرە بە دواوە و دوای ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە تێگەشتنی ئەحمەد موختار لە چەمکی ویژدان، هەوڵمان ئەوە دەبێت زۆر خێرا پیشان بدەین گرنگیی ئەم چەمکە لە فەرهەنگە ڕۆژئاواییەکان چەندە بووە. بەڵام هەر لەم ڕێگاوە دەمانەوێت گرنگی کارەکەی ئەحمەد موختاریش پیشان بدەین لە ناو نەریتی ڕۆشنبیریی کوردیدا. لە هەمان کاتدا، تاقانەبوونی کەسی وەک ئەحمەد موختار لەسەر ئەم پرسە شایەتیەکی تاڵ و گەورەشە بۆ ئێمە لەسەر پشتگوێخستنی چەمکی لەم شێوە لە نەریتی سەدەی بیستدا. وەک ئۆجاکانگاس (۲۰۱۳: ۲) دەڵێت لە ناو فەرهەنگ و مێژووی وڵاتانی ڕۆژئاوادا، سەرەڕای گۆڕانکاریە مێژووییەکان، و لە سەرووی جیاوازی و ناکۆکیەکانەوە تێگەیشتنێک هەر وەک خۆی ماوە: بەنسبەت بابەتە ئاکاری و سیاسییەکانەوە، بە جێگای گوێگرتن لە ئۆتۆریتەی دەرەکی، یاسا و ڕێنماییەکان، خەڵک دەبێت پشت ببەستن بە دەنگی دەروونی ویژدان. لەبەر ئەمە و بەم شێوەیە، نەریتی سیاسی- ڕەوشتیی ڕۆژئاوا هەردەم تاکەکەسیانە، شۆڕشگێڕانە، و خەباتکارانە دەمێنێتەوە، تەنانەت ئەو کاتەیش کە جەماوەریانە یان کۆنەپارێزانە بووبێت. ئەمە تەنها لەبەر ئەو هۆکارە نییە کە ئەم دەنگە دەروونییە دەخرێتە پێش هێزە دەرەکییەکانەوە، بەڵکوو ئەم یاسا، ڕێسا و ڕێنماییە دەرەکییانە بەپێی ئەم ئەزموونە ڕێک دەخرێتەوە. ویژدان ئەو تەنیاییە ناوەکییە قووڵەیە کە لە ڕێگایەوە هەموو سنوور و هێزە دەرەکییەکان بەتەواوی دەسڕدرێنەوە. ویژدان و پێگەی ئەم چەمکە دۆگمای بنەڕەتی نەریتی ڕۆژئاوایی ڕەوشت و سیاسەتە لە سێنێکەوە بۆ ستۆئیکەکان، لە مەسیحیەکانەوە بۆ فەیلەسووفانی ڕۆشنگەری، لە ئیدەئالیستە ئەڵمانییەکانەوە بۆ نیتچە، لە هایدگێرەوە بۆ دێریدا. ئەمە ئەو شتەیە کە لای نیتچە ناوی «ئاکاری مرۆڤی بەریتانی» لێ دەنرێت. لە لای دەیڤید هیوم دەبێت بە «ئاکاری هەڵسوکەوتی باش»، و لە لای جێرێمی بێنتهام دەبێت بە ئاکاری چێژە بچووکەکان. لەم سۆنگەوە، نەریتی ڕۆژئاوایی بەم بێشەرمییە قووڵە نەخشاوە، بەم دۆگما دژەدۆگمایە (ئۆجاکانگاس، ۲۰۱۳: ۳).

ئۆجاکانگاس (هەمان ۲۰) تەنانەت ئەم دەرئەنجامە دەخاتە پاڵ هزری کەسی وەک هایدگێر، و پێی وایە ئەم خوێندنەوەیە لە ویژدان لە لای هایدگێر لە ناکۆکی لە نەریتی ویژدان لە ڕۆژئاوا نییە و تێگەیشتنی ئەم لەم ڕووەوە لە سەر هەمان هێڵە کە سوقەڕات، ئێپیکتێتۆس، سیسرۆ و فیلۆی تێدا بووە؛ لای هەمووان، بە هایدگێریشەوە، ویژدان سەرچاوەی قەلەقی (نگەرانی) و دڵەڕاوکێیە. لەم نەریتەدا، ویژدان ئەو ساتەیە کەسێک لە «ئەولای» کۆمەڵگا، لە هەموو کۆمەڵگا و بەتایبەت لە ڕاوبۆچوونەکانیان دوور دەخاتەوە، و ڕێگایەک دەکاتەوە تاکوو کەسێک «سەربەخۆیانە» بیر لە ڕاستیی خۆی بکاتەوە. بۆ هایدگێر، بڕیاری ویژدان پێشمەرجی بنەڕەتی ئاکاریبوونە. ئەم جۆرە تێڕامانە، تاک ناگەیەنێت بە نێهیلیسم، بەڵکوو بە پێچەوانەوە دژی دەکاتەوە، چوونکە ئەو کاتەیە کە تاک دژی بیروڕای باو، نۆرم، و ڕێساکان دەوەستێتەوە (هەمان: ۲۱). ویژدان ئەو ساتەیە کە دەکەوێتە نێوان تاک و دەوڵەت، یان تاک و هەر یەکینەیەکی کۆمەڵایەتی کە دەتوانێت هێزی ناچارکەر بەکار بهێنێت و لە تاک بخوازێت ملکەچی بێت. وەک ویشەر (۲۰۰۹: ۲) دەڵێت ویژدان هەڵگری ڕوویەکی سیاسیە و زامنکاری تەکوزیی سیاسی و کۆمەڵایەتیە[35].

زۆرینەی بیرمەندان هاوڕان، سوقەڕات ڕەوشتێکی نوێی هێناوەتە مێژووی ڕۆژئاوا ـ ئەوەی ڕەوشتی ویژدان. مۆنتاین، هێگێل، هانا ئارێنت و دانا ڤیلا ئەمە پشتڕاست دەکەنەوە. ئارێنت پێی وایە ئەم نەریتە ڕۆژئاواییە بەرلەوەی گفتوگۆیەک بێت کە کەسێک لەگەڵ خۆی دەیکات، لێکۆڵینەوەیەکە لەگەڵ خود قسە ناکات، بەڵکوو خود دەخاتە ژێر پرسیارەوە. ئەوەی کە

---

[35] بۆ تێگەیشتن لە سنوورداری و دەستکورتیی یاسا لە ساتە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئاکاریەکاندا سەیری ئەم سەرچاوانەی خوارەوە بکە: دەستوورە، ۲۰۱۸؛ ویشەر، ۲۰۰۹: بەندی یەک.

کەسێک نابێت هیچوەخت شتێک بکات کە بە هەڵەی دەزانێت؛ ئەگەرچی، ئەمە یەکێک لە تێگە بنەماییەکانی یاسای سروشتی ڕۆژئاوایە[٣٦]، کۆڵەکەی بنەڕەتی ڕەوشتی مەسیحیەتیشە. بەڵام ئۆجاکانگاس پێی وایە ئارێنت و ڤیلا هەردووکیان نەیانتوانیوە چۆنێتیی مومکین بوونی ڕەوشتی سوقەڕاتی ببیننەوە. ئەوان پێیان وایە بەردی بناغەی ڕەوشتی سوقەڕاتی ویژدان، یەکانگیریی[٣٧] ئاکاری تاکەکەسییە؛ واتە کەسێک لەگەڵ خۆی لە دژبەریدا نەبێت. بەڵام ئۆجاکانگاس لەسەر ئەوە پێداگری دەکات کە لە لای سوقەڕات نەبوونی ناکۆکیی ناوەکی بە واتای یەکانگیریی بێگەرد و سانا نییە. وەک ئالسیبیاد کە بە بەردەوامی خۆی بە شتە گشتیەکانەوە مەشغووڵ دەکات بۆ ئەوەی خۆی لە ناهاوسەنگیەکانی ڕۆحی بدزێتەوە. نابێت بە خۆدزینەوە خۆ لابدرێت لە ناکۆکیی ناوەکی. یەکانگیری تەنها و تەنها کاتێک ڕوو دەدات کە کەسێک قەبووڵ بکات ئیمکانی ناکۆکیی ناوەکی بوونی هەیە. کەسی جێگای پەسەندی سوقەڕات ئەوەیە کە بەرانبەر بەم ناکۆکیانە هەستیارە، و چەمکی یەکانگیری بۆخۆی دەبێت بە تێگەیەکی ڕووکەشیانە. بەڵام ئەی ئەم ئەزموونی ناکۆکییە لە دونیای ئاکارەکاندا چییە؟ لە نەریتی ڕۆژئاوادا، ناوی عەزاب ویژدان، گوناح، شەرم، و بێئابڕوویی لێ دەنرێت، و لە هەموو ئەمانە گرنگتر ئەو پەیوەندییە دەگرێتەوە کە لەگەڵ تێگەی «خۆت بناسە» دروست دەبێت. ئەمە هەم ئەو ڕووە دەگرێتەوە کە کەسێکی هۆشیاری هەیە بەسەر خۆی، بەڵام ڕووی ئاکاری کردەی ئەو تاکەیش دەپۆشێت (ئۆجاکانگاس، ٢٠١٣: ٢١٥). ویژدانی سوقەڕاتی سەرچاوەی بیروڕا یان نۆرماتیڤیتی نییە، بەڵکوو پێش هەموو شتێک سەرچاوەی ئەپۆریایە[٣٨]. ئەپۆریا، ئەو کاتەیە کەسێک سەرگەردان یان دەستەوەستانە؛ بێ ئاراستە و بێدەرەتانە. ویژدانی سوقەڕاتی پێی ناڵێت چی بکات و لە چی خۆی لابدات، بەڵکوو تا ڕادەی گێژبوونی تەواو ئەزیەتی دەدات. ئەم بێ ئاراستەییە ڕەهایە دۆخی پێویست بۆ ئاکاریبوونێکی ڕاستەقینەیە (هەمان: ٢١٧). ئۆجاکانگاس (هەمان: ٢٢٤) دەڵێت، بە پێچەوانەی بۆچوونی ئارێنت و ڤیلا، پێویست ناکات تاکوو سەرهەڵدانی کانت یان ستوارت میل چاوەڕوان بین کە نوێبوونەوەی ڕەوشتی سوقەڕاتی ببینین. لە دوای سوقەڕات، ئەم ڕەوشتە لە هەموو شوێنێک دەبینرێت؛ لای سێنیکەکان، لای ستۆییکەکان، لە مەسیحیەت، لە نەریتی سەرەتاییانەی یاسای سروشتی مۆدێرن، لە فەلسەفەی ڕۆشنگەری، لە ئایدیالیسمی ئەڵمانی و لە ئێگزیستانسیالیسم. لە سیسرۆوە تاکوو کانت هەموو نووسەران بە جۆرێک لە جۆرەکان پەیڕەوکاری ئەم ڕاستیە بوون: ئەوە عەزاب ویژدانە کە دەبێتە بەڵگەی بوونی یاسای سروشتی. لە نەریتی لووتێریدا کارکردی تەواوی یاسای سروشتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم ئەزموونە. ئەم ئاراستەیە لە دڵی وەسف و وێنای ڕۆژئاواییانە بۆ خودی ویژدان دەبینرێت: ویژدان تۆمەتبار دەکات، هۆشداری دەدات، تۆقان و ڕاچڵەکان دروست دەکات، دڵەڕاوکێ بەدی دێنێت. ویژدان سەرچاوەی ئەم دڵەڕاوکێ، سووکبوون و وێرانییەیە (هەمان: ٢٢٦).

لە نەریتی ڕۆژئاوایی بۆ پرسە ڕەوشتییەکان، ڕۆح هەمووکات و لە پێشینە ئاخێنراوە لە هەست و ئایدیاکان، بەڵام ئەوە خودی ئەم هەست و ئایدیایانەیە کە بەها، ڕاوبۆچوون و نۆرمی دەروونیکراون. لەم نەریتەدا، بۆ ڕەوشتیبوونی ڕاستەقینە، کەسێک دەبێت خۆی لەم هەست و ئایدیایانە ڕزگار بکات. ئاوەها کەسێک دەبێت ڕۆحی بەتاڵ بکاتەوە بۆ بیستنی ئەم دەنگە و جێگایەک بۆ «هیچیەک» دابنێت، چوونکە لە هەبوونی ئەم هیچیەدایە سووژەی سیاسی ـ ڕەوشتی ئازاد و سەربەخۆ دروست دەبێت. هیچی ئەو ساتەیە کە ئەزموونی ویژدان، ناسووژەیی دەبێتەوە و سووژە لە کۆمەڵگا دادەبڕێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا سێبەری دەسەڵات، پرەنسیپ، یاسا و نەریتەکان هەر دیارە. لەم ساتەدایە سووژە ئەمانە دەخاتە بەر پرسیار و پێیاندا دەچێتەوە. ئەم ڕوانینە لای نیتچە، کیرکێگارد، بارت، هایدگێر، و لێڤیناسیش هەیە (هەمان).

---

[٣٦] بۆ پەیوەندیی زیاتر لە نێوان یاسا و ویژداندا سەیری ئەم بەرهەمانەی خوارەوە بکە:

Kathleen, 2003; Nikolaevich, 2001.

[37] Integrity

[38] *Aporia*.

بەردەوامی ئەم خەمە بە هەموو شێوازە جۆراوجۆرەکانییەوە لە مێژووی ڕۆژئاوادا جێگای سەرنجە. بێ گومان هەموو ئەم ناوە گەورانەی لە لاپەڕەکانی سەرەوە ئاماژەیان پێدراوە، لە پاشخانی فەلسەفی جیاوازدان و زۆرینەشیان لە زۆر ڕووەوە پێکەوە ناکۆکن. بەڵام سەرەڕای ئەم ناکۆکیانە، نەریتەکە هەر بەردەوامە. بۆ ئێمە، لێرە، و لەم لاپەڕانەدا، هەڵهێنجانی ئەو بیرۆکە گرنگە کە لە سەردەمی مۆدێرن و لە هزر و فەرهەنگی هاوچەرخی ئەورووپیدا چەمکی لەم جۆرە فەرامۆش ناکرێت. زیاد لەمە، جێگای گرنگی و مشتومڕی هزریشە. ئەگەر ئەم وێنە بێنینەوە ناو نەریتی کۆمەڵگای کوردی، شێوەی تێگەیشتن لە مۆدێرنیتە، جۆرێ پشتکردن لە ویژدانە، وەک ئەوەی کە مرۆڤی مۆدێرنی کورد هیچ پێویستی بەم جۆرە دونیابینیە نییە. ئەم پرسە لای هاوسەردەمانی ئەحمەد موختار جافیش هەر هەیە و پێدەچێت خەمی ئەوانیش بووبێت. بۆ نموونە پیرەمێرد (١٠٤) دەڵێت:

ئەوەی حەقناسە و بە حەق ڕازییە چ ئیحتیاجی بە شا و قازییە

یان:

ئەو قەلەندەرەی ویژدان یاریەتی تەڵای ئەستەوشار خزمەتکاریەتی (٢٠٥).

لێرەوەیە خاڵی وەرچەرخان دەست پێدەکات و مۆدێرنیتەی کوردی ڕێک بە پێچەوانەی ئەو نەریتەوە دەجووڵێت کە لە ڕۆژئاوا لە ئارادا بووە؛ بەپێچەوانەی ڕۆژئاوا، مۆدێرنیتەی کوردی دەبێتە ساتی خۆگونجاندن لەگەڵ «ژینگە». ئەگەر لە ڕۆژئاوا ویژدان، ساتی دروستکردنی تاکە، ئەگەر ویژدان ساتی لادانە لە نۆرم و یەکهەوایی، ئەگەر ویژدان ساتی نوێبوونەوە و داهێنانە، لە مۆدێرنیتەی کوردیدا، ساتی مۆدێرن، ساتی پشتگوێخستنی ویژدانە. ئەگەر لە ڕۆژئاوا وەک هێگێل (٢٠٠١: ٥٢) دەڵێت ویژدان لە یەک کاتدا ناوەندی پرەنسیپ و دامەزراوە سیاسییەکانە؛ ئەگەر پرەنسیپ و دامەزراوەکانمان لە دونیای ناوەکی جودا بکرێنەوە، ئەگەر فەرهەنگ لە تایبەتترین هێمانە کە ویژدانە جودا بکرێتەوە، هەموو ئەمانە بە بەتاڵی و بە بێ ناوەند دەمێننەوە؛ پێدەچێت لە کۆمەڵگای کوردیدا ویژدان بەو پێوویستیە سیاسیە ناناسرێتەوە کە کۆمەڵگا پێوویستیەتی.

ڤێلادیمیر ژانکێلێڤیچ لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ویژدان ئەو نگەرانییە گەردوونییەیە ڕێگە نادات قەد دەروون لەگەڵ خود یەک بگرێتەوە. لەبەر ئەوەی هزری ئێمە هەموو کات لە بەردەم بابەتێکدا دەبێتە «سەرۆیی»، و هەموو شتێک بە بێ کۆتایی دەگەڕێنێتەوە بۆ خود. ویژدان نایەوێت دەستەمۆی هیچ شتێک بێت، تەنانەت خودیش (ژانکێلێڤیچ، ٢٠١٥: ٢). هووارد (٢٠١٤: ١) دەڵێت هیچ چەمکێکی ئاکاری ئەوەندەی ویژدان بەربڵاو و بەتوانا نییە و پێی وایە ئەو پێگە تایبەتەی ویژدان ئەوەندە گرنگە، لەگەڵ خۆیدا هەڵگری پیرۆزیی مافی بنەڕەتیی مرۆییە، و ئەمەش هەم لە یاسای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چەسپاوە و هەمیش جاڕی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتوەکانی واتادار کردووەتەوە. هۆڵتمەن (٢٠١٢: ٢) دەڵێت ویژدان تەنها برێتی نییە لە کردەی خێرخوازانە، سۆزدارانە، بەزەیی و دیویستانە[39]، بەڵکوو تۆکمەیی کەسایەتی، دادپەروەری، و یەکسانخوازی دەگرێتەوە. هەروەها کە ویژدان ڕووی لە ئەویدیە، ڕووی لە خودیشە و لە ڕاستیدا ڕووی لە هەموو جیهانە. وەک ئۆجاکونگاس، هۆڵتمەن (٢٠١٢: ٥) بەڵگە دێنێتەوە کە لە ڕووی مێژوویییەوە، هزری کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان دەربارەی ویژدان لە ئەدەبیات و پەروەردەدا گەشەی کردووە[40].

---

[39] Altruistic

[40] بڕوانە شیکاری تیلموس (٢٠١١) لەسەر پێگەی ویژدان لە بەرهەمەکانی شێکسپیەردا، وەک لە مەکبێس و دەستدرێژیی لوکرێس. تیلموس باوەڕی وایە چەمکی ویژدان لە بەرهەمەکانی شێکسپیەردا وەک ڕەنگدانەوەی بەها ئاکاری و ڕەوشتیەکانی کۆمەڵگایە و وەک زۆرینەی نووسەرانی ڕۆشنگەری، پێداگری دەکات لەسەر ئەو چاوە کۆمەڵایەتیە کە وەک ویژدان دەردەکەوێت.

## ٥- ئەنجام

ویژدان، تاک دروست دەکات و بێویژدانی ساتی سڕینەوەی تاکایەتیە. ئەوکاتەی کە تاک دەبێت گوێ لە دەنگی دەروونیی خۆی بگرێت، ئەوکاتەیە کە تاکبوونی خۆی دەسەلمێنێت و بە پێچەوانەی نۆرمە باوەکانی کۆمەڵگا دەجووڵێتەوە. ساتی ویژدانی، ساتی ڕازینەبوونە بە بوون وەک هەمووان، ساتی لادان و دۆزینەوەی ڕێچکەی خودە. گرنگ خودی کردەکە نییە، گرنگ واتایەکە بە کردەکە دەدرێت. چیرۆکی ئەحمەد موختار دەڕواتە خانەی ئەم پەیامەوە. ویژدان، دەنگی جیاوازبوونە، دەنگی سەلماندنی بوونی خودە. لە دواکەوتنی کۆمەڵگادا ویژدان دەسڕدرێتەوە و خود وەک هەموو کەسی لێدێت. دەشێت پێچەوانەی ئەم ڕستانەی سەرەوەش ڕاست بێت، بەڵام ئەحمەد موختار بەم پێداگرییە دەیەوێت پیشان بدات، ساتی ویژدانی، ساتی ڕاستیەکانە؛ ساتی جیاوازبوون و لە خودچوونە. بە پێچەوانەش، لاسایی کردنەوە هونەرێکی ئەوتۆی تێدا نییە و لەخەڵکچوون، ساتی بێویژدانی و ساتی سڕینەوەی خودە. بەڵام ئەحمەد موختار بە جوانی پیشان دەدات کە ساتی ویژدانی، ساتی سروشتی و ساتی هێمانەی نەگۆڕی دەروون نییە. ساتی ویژدان، ساتێکە تاکێک دەتوانێت فێری ببێت، پەیڕەوی بکات، دەستکاریی بکات. بەڵام ئەگەر بەستێنەکە ئامادە نەبێت، مەرج نییە تاکی ڕاهاتوو بە ویژدان، بۆ هەمیشە بەویژدان بمێنیتەوە. کۆمەڵگا گەرای ویژدان دادەنێت، بەڵام تاک ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت لە مانامەندکردنی ساتی ویژدانی، لە پەیڕەوکردنی، لە دەستکاری و لە داهێنان تێیدا. لە ویژداندا هەم کۆمەڵگا ئامادەیی هەیە، هەمیش تاک ڕەنگ و بۆی خۆی پێدەبەخشێت. بەڵام نائامادەیی بەستێنێکی کۆمەڵایەتی، ویژدان بۆ هەموو کات وەک خۆی ڕاناگرێت. ئەمە چیرۆکی زۆراب ئەفەندییە؛ پاڵەوانی ئەحمەد موختار، هەرچەن بە ویژدان ڕاهاتووە، هەرچەند هەوڵیش دەدات وەک خەڵک نەبێت، بەڵام خۆی پێ ناگیرێت و لە کۆتاییدا هەر وەک ئەوانی لێدێت.

*مەسئەلەی ویژدان*، شایەتیەکی گرنگی تێدایە بۆ ئێمەی مرۆڤی سەدەی بیست و یەک. ئێمە لە مێژە کە گۆڕدراوین، ئێمە لە مێژە لە یەکدی دەچین؛ ئێمە لەمێژە ویژدانمان فەرامۆش کردووە. ئێمە لە مێژە هەوڵ نادەین جیاواز بین، ئێمە لە مێژە هەوڵ دەدەین زۆر لە یەک بچین. ئێمە لە مێژە لە بیرمان چووە کە سەردەمانێک دەمانزانی ویژدان چییە. ئەزموونی مۆدێرنیتەی ئێمە لە ناوەڕۆک و لە قووڵاییدا لەوەی ڕۆژئاوا ناچێت؛ لە ڕۆژئاوادا، بە هەموو بەرزی و نزمیەکانەوە ویژدان هەر ئامادەیە. بەڵام لای ئێمە، تێگەیشتنەکان پێچەوانەن؛ پێدەچێت وابزانین کە هیچ پێویستیەکمان بە ویژدان نییە؛ ئەحمەد موختار بەم بەرهەمەی هەوڵ دەدات ئەمە بە ئێمە بگەیەنێت، بەڵام دوای خۆی ئەم دەنگە دلێر و بەرز نامێنێتەوە. *مەسئەلەی ویژدان* بەڵگەی ڕووداونێکی گرنگی هزری ـ فەرهەنگیە کە ماوەیەک پێش خۆی دەستی پێ کردووە.

بەڵام لە کۆتاییدا شایانی ئاماژەیە کە لەم سەردەمی قەیرانی ڕەوشت و ئاکارەی ئێمەدا، نابێت وەها تێبگەین ویژدان تەنها چارەسەرە. گەڕانەوە بۆ چەمکی وەک ویژدان، پێویستە و زۆر گرنگە بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە کە ویژدان تەنها ڕێگا و موعجیزەی سەردەمە؛ ویژدان دەتوانێت ڕۆڵێکی هەرە گەورە بنوێنێت لە بەمرۆیی کردنەوەی پەیوەندییە مرۆییەکان، بەڵام ئەمە هەموو شتێک نییە. ئەم گەڕانەوەیەش بە واتای لاسایی ڕابردووی کۆن نییە، بەڵکوو بە واتای زیندووکردنەوەیەتی بە داهێنان و بە سەردەمیانە کردنەوەی. ساتە ویژدانیەکانی کۆمەڵگای کوردی ئەمڕۆ لە ڕەوشتبەرزیی یۆنان‌ـڕۆم و ئاکاری مەسیحی و فەلسەفەی ڕۆشنگەری و ئەوەی ڕابردووی خۆی دوورە. سەرەڕای ئەمانە پێدەچێت پێویست بێت لە ناو دونیای نادڵنیایی ئێمەدا پێگە و گرنگیەکەی فەرامۆش نەکرێت، و کێ دەڵێت ئەم نادڵنیاییەی سەردەمی ئێمە ناتوانێت هەوێنی خەملاندنەوەی بێت بۆ سەردەمانێکی تر.

**سەرچاوەکان**

پیرەمێرد (۱۳۹۰). *پەندەکانی پیرەمێرد*، کۆکردنەوەی ڕەفیق ساڵح و چەند کەسی دیکە، سنندج: انتشارات هژار.

جاف، ئەحمەد موختار (۲۰۰۸). *مەسەلەی ویژدان: چۆن بووم بە خانەدان*، پێشەکی و لێکۆڵینەوەی د. ئیحسان فواد، هەولێر: ئاراس.

## English

Arendt, Hannah (1978). *The Life of the Mind*. New York: Harvest Books.

Berger, Peter L. and Luckmann, Thomas (1991). *The Social Construction of Reality; A Treatise in the Sociology of Knowledge*. London: Penguin Books Ltd.

Dastooreh, Kaveh (2018). “Ethical imagination and the new possibilities of subjectivity: a global perspective on the culture of the self and its evolution in Kurdistan,” *Reflective Practice*, 19:6, 855-867, DOI: 10.1080/14623943.2018.1539663.

Foucault, Michel (1988) “An Aesthetics of Existence” (An Interview with Alessandro Fontana, 1984), in *Politics, Philosophy, Culture: Interviews and Other Writings 1977–1984*, ed. Lawrence D. Kritzman, New York: Routledge.

Hegel, G. W. F. (2001). *The Philosophy of History*. Trans. J. Sibree. Kitchener: Batoche Books.

Gergen, Kenneth J. (1985). *“*Social Constructionist Inquiry: Context and Implications.” In *The Social Construction of the Person*, ed. J. Gergen, Kenneth, J. Gergen, Keith. New York: Springer-Verlag.

Holtam, Beryl W. (2012). *Let’s Call it What it is: A Matter of Conscience, Rotterdam:* Sense Publishers.

Howard, Jason J. (2014). *Conscience in Moral Life: Rethinking How Our Convictions Structure Self and Society*, London and New York: Rowman & Littlefield International.

Jankelevitch, Vladimir (2015). *The Bad Conscience*. Trans. Andrew Kelley, Chicago and London: University of Chicago Press.

Kathleen, Jones (2003). *The Sociology of Mental Health: Lunacy, Law and Conscience, 1744-1845*, London: Routledge.

Leirvik, Oddbjørn (2006). *Human Conscience and Muslim-Christian Relation: Modern Egyptian Thinkers of Al-Damir*. New York and London: Routledge.

Levinas, Emmanuel (1969). *Totality and Infinity: An Essay on Exteriority*. Trans. Alphonso Lingis. Pittsburgh: Duquesne University Press.

Levinas, Emmanuel (1998). *Otherwise than Being*. Trans. Alphonso Lingis. Pittsburgh: Duquesne University Press.

MacIntyre, Alasdair (1984). *After Virtue*. 2d Ed.  Notre Dame: University of Notre Dame Press.

Nielsen, Cynthia R. (2013). *Foucault, Douglass, Fanon, and Scotus in Dialogue; On Social Construction and Freedom*. New York: Palgrave Macmillan.

Nikolaevich, Alexander Shytov (2001). *Conscience and Love in Making Judicial Decisions*. Netherlands: Springer.

Nietzsche, Friedrich (1996). *On the Genealogy of Morals*. Trans. D. Smith. Oxford: Oxford University Press.

Nietzsche, Friedrich (1997). *Beyond Good and Evil*. Trans. W. Kaufmann. New York: Dover Publications.

Ojakangas, Mika (2013). *The Voice of Conscience; A Political Genealogy of Western Ethical Experience*. New York: Bloomsbury Academic.

Strohm, Paul (2011). *Conscience: A Very Short Introduction*. New York: Oxford University Press.

Vischer, Robert K. (2009). *Conscience and the Common Good: Reclaiming the Space Between Person and State*. Cambridge: Cambridge University Press.

Weber, Linda R., Carter, Allison I. (2003). *The Social Construction of Trust*.New York: Springer.